# پردی سیرات لەسەر پشتی دۆزەخ دادەنرێت، ودڕکی لەسەرە وەکو دڕکی سەعدان، پاشان خەڵکی بەسەریدا تێپەڕ دەبێت، هەیە بە سەلامەتی ڕزگاری دەبێت، وهەیە بە برینداریيەوە ڕزگاری دەبێت، وهەیە دەکەوێتەوە ناو دۆزەخەوە

لە ئەبی سەعیدی خودریەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «(پردی سیرات) لەسەر پشتی دۆزەخ دادەنرێت، ودڕکی لەسەرە وەکو دڕکی سەعدان، پاشان خەڵکی بەسەریدا تێپەڕ دەبێت، هەیە بە سەلامەتی ڕزگاری دەبێت، وهەیە بە برینداریيەوە ڕزگاری دەبێت، وهەیە دەکەوێتەوە ناو دۆزەخەوە، ئەگەر خوای گەورە دادوەری تەواو کرد لە نێوان بەندەکاندا، ئیمانداران کەسانێک نادۆزنەوە کە لە دونیادا لەگەڵیان نوێژیان دەکرد وەکو ئەوان، وزەکاتیان دەدا وەکو ئەوان، وڕۆژوویان دەگرت وەکو ئەوان، وحەجیان دەکرد وەکو ئەوان، ولە پێناو خوای گەورە دەجەنگان (جیهادیان دەکرد) وەکو ئەوان، (ئیمانداران) دەڵێن: ئەی پەروەردگارمان، هەندێک لە بەندەکانت لەگەڵ ئێمە بوون لە دونیادا ئێستا نایانبینین، نوێژیان دەکرد وەکو ئێمە، وزەکاتیان دەدا وەکو ئێمە، وڕۆژوویان دەگرت وەکو ئێمە، وحەجیان دەکرد وەکو ئێمە، ولە پێناو خوای گەورە دەجەنگان (جیهادیان دەکرد) وەکو ئێمە، (پەروەردگار) دەفەرموێت: بچن سەیری دۆزەخ بکەن، هەرکەسێک لەوانەتان بینی دەری بکەن (لە دۆزەخ). دەیاندۆزنەوە، نقوم بوون لە دۆزەخدا بە پێی کردەوەکانیان، هەندێکیان هەتا لای پێیەکانی نقوم بووە لە دۆزەخدا، وهەندێکیان هەتا لای نیوەی ساقی* نقوم بووە لە دۆزەخدا، وهەندێکیان هەتا لای ئەژنۆکانی نقوم بووە لە دۆزەخدا، وهەندێکیان هەتا لای سینگی نقوم بووە لە دۆزەخدا، وهەندێکیان هەتا لای کەمەری نقوم بووە لە دۆزەخدا، وهەندێکیان هەتا لای ملی نقوم بووە لە دۆزەخدا، بەڵام دەموچاویان نقووم نەبووە لە دۆزەخدا، بۆیە دەریاندەکەن لە دۆزەخ وفڕێدەدرێنە نێو (ئاوی ژیانەوە)». ووترا: ئەی پێغەمبەری خودا، ئایا (ئاوی ژیان) چییە؟ فەرمووی: «شوێنی شۆردنی خەڵکی بەهەشتە (ئەهلی بەهەشتە)، بۆیە چەکەرە دەکەن وەدەڕوێنەوە هەروەکو چۆن ڕووەک چەکەرە دەکات وەدەڕوێت» لە گێڕانەوەیەکی تردا -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: «لەو شوێنەدا (لە ئاوی ژیان) چەکەرە دەکەن وەدەڕوێنەوە هەروەکو ڕووەکێک بەهۆی بارانێکی زۆرەوە چەکەرە دەکات وەدەڕوێت، پاشان پێغەمبەران شەفاعەت دەکەن بۆ هەرکەسێک شاهێدی دابێت بە (لا إله إلا الله) بە دڵسۆزی لە دڵیەوە دەریدەهێنن (لە دۆزەخ)»، فەرمووی: «پاشان خوای گەورە ڕەحم وبەزەیی دێتەوە بە ئەوانەی تێیدان، بۆیە ناهێڵێت هیچ بەندەیەک تێیدا بمێنێتەوە ئەگەر بە هێندەی کێشی گەردیلەیەک ئیمان لە ناو دڵیدا هەبێت». *(ساق: نیوەی خوارەوەی قاچەکانە، ئەو پارچە ئێسکە درێژەیە کە ئەژنۆکان بە پێیەکان وگوێزنگەکانەوە دەبەستێت، وهەروەها (لە زمانی کوردیدا -لاق- یشی پێ دەووترێت)

[صەحیحە] [ئیبنو ماجە گێڕاویەتیەوە - ئەحمەد گێڕاویەتیەوە]

لە ڕۆژی قیامەتدا خوای گەورە (پردی سیرات) لەسەر دۆزەخ دادەنێت، و لەسەر ئەم پردە دڕکی ڕەق هەیە، وپاشان فەرمان بە خەڵکی دەکرێت بۆ تێپەڕبوون بەسەریدا، وتێیاندایە بە ئەوپەڕی سەلامەتی ڕزگاری دەبێت وناچێتە دۆزەخەوە، وهەیانە تووشی ئازار وبرین دەبێت بەڵام هەر ڕزگاری دەبێت وناچێتە دۆزەخەوە، وهەیانە دەکەوێتە ناو دۆزەخەوە. ئەگەر خوای گەورە تەواو بوو لە لێپرسینەوە لە بەندەکانی وئەهلی بەهەشت چوونە بەهەشت وئەهلی دۆزەخ چوونە دۆزەخەوە، ئیماندارانی ئەهلی بەهەشت کەسانێک نادۆزنەوە کە لە دونیادا لەگەڵ ئەوا نوێژیان دەکرد وڕۆژوویان دەگرت وحەج وجیهادیان دەکرد، بە خوای گەورە دەڵێن: ئێمە ئەو خەڵکانە نابینین ئەگەرچیش لە دونیادا لەگەڵ ئێمە نوێژیان دەکرد وڕۆژوویان دەگرت وحەج وجیهادیان دەکرد، خوای گەورە پێیان دەفەرموێت: بچن بۆ

دۆزەخ، ئەگەر کەسێک لەوانەتان دۆزیەوە دەریبهێنن. بۆیە دەبینن بە گوێرەی کردەوەکانیان ئاگر تووشیان بووە، هەیانە ئاگر هەتا پێیەکانی هاتووە، وهەیانە ئاگر هەتا نیوەی ساقی* هاتووە، وهەیانە ئاگر هەتا ئەژنۆکانی هاتووە، وهەیانە ئاگر هەتا کەمەری هاتووە، وهەیانە ئاگر هەتا لای سینگی هاتووە، وهەیانە ئاگر هەتا لای ملی هاتووە، بەڵام ئاگر تووشی دەموچاویان نەبووە، بۆیە تکا شەفاعەتیان بۆ دەکەن، وله دۆزەخ دەردەکرێن ودەخرێنە نێو (ئاوی ژیانەوە - ماء الحیاة)، ئاوێکە هەرکەسێک بخرێنە ناویەوە زیندوو وگەش دەبێتەوە، بۆیە دەڕوێن وگەش وسەلامەت دەبنەوە هەروەکو چۆن ڕووەکێک دەڕوێت بەهۆی بارانەوە. پاشان پێغەمبەران -علیهم الصلاة والسلام- شەفاعەت دەکەن بۆ هەرکەسیک وتبێتی (لا إله إلا الله) بە دڵسۆزی وئیخلاصەوە لە دڵیەوە؛ وله دۆزەخ دەریاندەهێنن، پاشان خوای گەورە بەزەیی وڕەحمی بە بەندەکانی دێتەوە بۆیە هەرکەسێک بە هێندەی کێشی گەردیلەیەک ئیمان لە دڵیدا هەبێت لە دۆزەخ دەریدەهێنێت. *(ساق: نیوەی خوارەوەی قاچەکانە، ئەو پارچە ئێسکە درێژەیە کە ئەژنۆکان بە پێیەکان (وگوێزنگەکانەوە دەبەستێت، وهەروەها لە زمانی کوردیدا -لاق- یشی پێ دەووترێت

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/8287